

پشکۆ نەجمەدین

# سرووتەکانی ئەشق لە میحرابی کەلاوەدا

سرووتەکانی ئەشق...

دەتبا وەک پووشی دەمبا بۆ سێبەری بن نیوەدیواری کەلاوەیەک، خەون..
بەرماڵەسێبەرێک لەژێر چنگەکرێی خۆر و باران و
زریانی زەماندا مانایەک لە ڕەنگی ڕانەگرتووە .
بەرماڵێک، لێرەدا گشت رۆژێک چەند شەقاوان پێش سپێدە،
ڕیشە سپییەکەی باوک چوار ماچانی لێ دەچاند و
بە ئاوی دوعاکانی دایک سەوز دەبوو .
دەتکاتە پشکۆیەک ئەم خەونە
هەر بستێک ئەولاتر لە سێبەر، لە چاوی پڕ سیحری ماڵێکدا دەتنێژێ..
ماڵێک ئاوەدان بە گەرمیی دەستە فریشتەییەکانی دایک و
سەرڕێژ لە ووناکایی وێرد و تەهلیلەی خەڵوەتکێشانی باوک.
لێرەدا، لە نێو دڵی شیخاڵشیخاڵی کەلاوەیەک کە ڕۆژگارێک لێوانلێو
لە حەرفەکانی ئەشق و هەڵژەنراو لە بۆنی گوڵاوی جووتبوون،
ئەمێستا لەژێر قورسایی ئەو نزاباڵسووتاوانەی بە هیچ شوێنێک نەگەیشتن،
بە ونبوون و دابڕان سیخناخ ..
لێرەدا، لەسەر دەستە پڕفەڕەکانی خۆرەتاو،
لە شوێنونبوونی ژانی ژنێک، دڵێک لە پێکەنین بزووت و
جەستەیەک لە خەون پڕ بوو لە گوڵ،
بوو بە ڕووبار و
لە توێی شەپۆلاندا شارێک کەوتە سەما.
ژانی ژنێک هەناسە وەبەر ماڵێک دەکا،
ماڵێک بە غەریزەی مانەوە بە چرۆ دەخەملێ و
باخێک لە وەنەوشە دەبێتە شار
شارێک، لە گوناهستانی خۆیدا،
لە مولحیدبوونی بەندە یاخییەکانی و
دڵڕەقیی خوا، دەبێتە کەلاوە!
تۆ لە باخچەی لە ڕەنگ بەجێماوی کەلاوەشارێکدا،
دەبیتە دارستان
هەتاکو یادوەریت بڕ بکات :
درەختە و ئەستێرەی گرتووە،
کانییە و گۆرانی بۆ ورشەی مانگ دەڵێ،
خونچەیە و هەناسەی کازیوە هەڵدەمژێ،
ئاشقە و لە زەویی ئەویندا دەڕەقسێ !

لە چاوی خەوندا هەڵدەچی
دەبیتە دوو دەستی دوعایەک
دەگەیتە بەر تەختی خواوەند و ئیتر تۆ :
توێژاڵێک لە گڕ و دەکشێیتە فەزایەک لە نووری خودایی و
دووبارە دەڕژێیتە نێو کۆچە و شەقام و نێو حەوشەی

ئەو ماڵەی
سەردەمێک ماڵێک و
شارێک و
جیهانێک لە خەون و
تەمەننا و هیوا بوو.
کانییەکەی بەرماڵان،
شاتوویەک بەهاران بە پەلکەزێرینە،
هاوینان بە مزریی چێژێک و بە بۆنی بەرۆکی کچۆڵان داپۆشراو .
چنارە گەورەکەی سەر حەوزی مزگەوت و سەرسەکۆی پڕئەشقی
مورید و خواناسان،
سەرچڵی دەتکاتە ریشۆڵە و لەوێوە هەڵدەفڕی ...
فڕین بەرەو :
ئەو فەزایانەی بە زەوین ناگەنەوە،
ئەو رۆشناییانەی ژوانێکیان لەگەڵ تاریکیدا نییە،
ئەو کانیشێخ و کوڵەبۆز و حەمەوخانـــانەی
کە بۆنی کتێبەکانی کیمیا و
شووشەی بەتاڵی مەینۆشانیان لێ دەرژێ !
بەرەو کانییەقوڵکە و کانیئاشقانـــەکان کە هێشتا
" بەندی سوخمەی ئاڵی گوڵناری دولبەرانیان "بە ئاهی
تایەربەگ دەترازێن ..
بۆ ژێر گورزەتیشکی پەنجەرە ئاڵوواڵاکانی ماڵێک
کە لەوێدا
بەگزادە دامەکەی بە سۆن دۆڕاند ..
چ دۆڕانێکی ئەبەدی بوو !
بفڕە!
فڕینێکی بێنیشتنەوە،
بەرەو ئەو قاپییە بە ئاستەم درزتێکەوتووەی
بە ئاسمانی کۆڵانی پشتەوە هەڵواسراوە..
چرۆیەک بە کراسێکی مۆری
نیوەڕووتەوە، بەرقی حەزی ئەشقێکی شەرمێونی کچۆڵانەت تێ دەگرێ و
جورئەتی وەرگرتنی نامەیەک ناکا کە بە ئارەقەی دڵت خووساوە!
بەرقێک کە دەهرێکە لە ناختدا تیشک دەهاوێ !
بفڕە چاوی ئەو ئەستێرانەی
شەوانە بەدەم وەنەوزدانی دەرسەکانی ماتماتیکەوە
پەلیان دەگرتیت و تەختێکیان لە ریحانە لەگەڵ ئەو گوڵە تازە بە ژنبووەی
دراوسێتان بۆ چێ دەکردیت .
هەر بستێک ئەولاتر،
ئەڵقەڕێزی ئەو دەروازە مەمکڕێژە راوەشێنە !
وەژوورکەوە!
حەوشەکە بەردڕێژە
تارمەکە خشتی سوور
پەنجەرەکان بە ڕەنگی گێلاس
گمەی کۆترەکان و ئاخ و ئۆخژنی ژنە ئاڵۆشنەکەی کرێچیتان،
وەک هەمیشە یەکدی دەخۆنەوە !

بفڕە !
لەسەر پشتی کاکێشان
کوختێک لە ماچەکانی بەرائەت بۆ ڕاکشانی ڕۆحت
هەڵبچنە .
لە دارکاژەکانی کوفر و بزمارەکانی یاخیبوون
تابوتێک بۆ جەستەت

ساز بکە .
لە تیشکەلانی ئەستێرانەوە
تاوێرێک تیشک بۆ ئەشکەوتی ئەسحابان
بهاوە .
گڕ بەردە لە تاریکستانی سەدەکانی سڕبوون و
شمشێرە ژەنگاوییەکانی موعجیزە
ئەو پردانەی فەلسەفەی جەنگە دۆڕاوەکانیان بۆ گۆڕستانەکانی سەرکەوتن
پەڕاندەوە، هەڵتەکێنە .
تیرۆژێک لە رووخساری خوا بەسەر خەراباتی شاردا
کە تروسکەی نووری خامۆشە،
بڕژێنە .
لە تێفکرینی حەزرەت* بۆ خەراباتی دنیا لەو بەرزەوە
ڕابمێنە .
بۆ خراپەی ئەهلی بەدمەستانی،
سوجدەی شەفاعەتێک بەرە.
لەگەڵ خوادا پەیامی نەنیشتنەوە لەسەر ئەم (وێرانەخاک)ـە
ببەستە
لە وێرانیی ئەم شارە شپرێوەدا
جێگایەک بۆ پاکیزەیی تۆ و
بەرائەتی فریشتەکانی ئەشق نەماوە .
لە ساپیتەی یەقینرێژی ئەم ماڵە بێدەنگ و ڕەنگەدا،
درزێک بۆ پێدزکەی گومان و
پرس و
تێهزرین نەماوە
مەنیشەوە
هیچ نەماوە!

* حەزرەتی مەحوی کە دەفەرموێ :
شوکر هوشیارە مەحوی تێ دەگا دنیا خەراباتە
کە بەدمەستی بکا ئەهلی، خراپەی بۆچی لێ دەگرم.

پشکۆ نەجمەدین